www.kurdistannet.org
3-2-2007 22:27 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نووسەرو نووسین و ڕەخنە.. خۆراکی جەستەی پێشکەوتنە.... م. حەمید عەزیز



نووسین: پیرۆزی گەیاندنی ڕستە نەگەیەندراوەکان و ووشە قورس و مەحاڵ و نەتوانراوەکانی ووتنە بۆ بەهێزتربوون و باشتربوون و جوانتربوونی ژیان بەرامبەر خەڵک و کاربەدەستانی گوێ نەگرو خەم نەخۆری وولات.. نووسین و دنیای کتێب و پەرتووک دەربڕینی ئازاری نەتەوەیەکی خەفەکراوی دەست و دەم بەستراوو هاوارەکانی نان و ئازادی گەلێکە بەرامبەر فیرعەون و سووڵتانەکانە بێ بەزەییەکان. نووسین و فەرهەنگ جیهانێکی نەرم و نیانە بۆ گۆش کردنی نەوەیەکی لەسەرخۆو ژیرو کامڵ.. هەروەها بۆ ڕاگرتنی پیرۆزی یەکانی مرۆڤ و ڕوانینە جوانەکانە لە مرۆڤەوە بۆ بوونەوەرانی ترو خۆشگوزەرانیە بۆ گۆی زەوی و وواتا دانە بە ژیان و گەورەیی و جوانی مرۆڤ. نووسین جیهانی نیشتمانێکی ئاسوودەو باخچەی گووڵ و بەهەشتی گەلێکی هێمنە.. کلیلێکە بۆ کردنەوەو پاقژ کردنی قوفڵی دەرگای بیروهۆشی ژەنگاوی و ڕزیو لە ئێستای کۆیلایەتی بە مقاشی کلتورو ئاین.. نووسین لۆکەیەکی نەرمی ئازارشکێنە بۆ بیری مرۆڤی ئازادی خوازو چەقۆیەکیشە ملی ئەستوری بێ خەمی دەسەڵاتێکی تاکرەو دەبڕێ. نووسین و ڕۆشنبیری و پێشکەوتن و مەدەنی یەت و شارستانیەت و دنیای جیهان گیری و سێکۆلار هەموو ئەندامی یەک خێزانن کە خوای ژیان و بەختەوەرین بۆ مرۆڤایەتی و چاویلکەیەکی جواننی یەکسانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگن لە چاوی نەتەوەیەکی چەوساوە و زووڵم لێکراو، کە دنیای ڕەنگە پرتەقاڵی یەکانی تابلۆی ژیان و کامەرانی پێ دەبینن..!!.

تەم و بۆشایی لە ژیان و بوونی ئادەمیزاددا کێشەیەکەو مرۆڤ تووشی بێ هیوایی و سەغڵەتی باری دەروونی و ڕاڕایی و بێ سەروبەری و بێ بەرنامەیی دەکات. بۆیە کە بەیانی لە خەو هەستای نەخشەی ئەوەت هەبێ کە چی دەکەی و بەرەو کوێ دەچی هیچ ڕستەیەکی ناشرینیش بەپەڕەی سیماتەوە نابینرێ.. هەمان بەیانی بەڵام بێکار یان بێ بەرنامە بیت ناڕەحەت و بێ تاقەت دیار دەبیت سیمای خۆت و هەموو جەستەشت تێک دەچێت. تۆ کە خۆت بێ بەرنامەو نەزانی سبەینێ چی دەکەی.؟. ئەی چۆن کارو بەرنامەو ڕەخنە بۆ خەڵک دادەنێی. هەمان شتە لەداهێنانیشدا کە مرۆڤ خۆی داهێنان نەکات چۆن دەتوانێ ڕەخنە لە داهێنانی یەکێکی تر بگرێ کە بەتەواویش لێی حاڵی نەبێت. زۆربەمان لەزمانی ئەدەب و نووسین ناگەین لەئەنجامی ئەو تێنەگەیشتنە ڕەخنە دەگرین و.. هتد. زۆرجاریش بۆشایی و نەمان و بڕینی ڕێگاکان بەرەو ئامانجێکی دیاری کراو یان کۆتایی هێزو دانیشتن و گێرە شێوێنیمان فێر دەکات، هەندێ جاریش ئەو بۆشاییە هونەرو جوانی یان کارەسات و ڕق لێبوون دەخولقێنێ. کەسیش نی یە لە جیهاندا لاواز بێت و هیچ نەزانێت تەنها جیاوازی لەنێوان تواناکاندا هەیە.. بۆیە کە کەسێک لە قوتابخانە لاوازە لەئیشێکی تر بەهێزو زیرەک و سەرکەوتووە. زۆربەی زانایانی جیهان بەتایبەت زانا وێژەیی و فکریەکان قوتابخانەیان تەواو نەکردووە نمونەی هەمووشیان فەیلەسوفی ئێرلەندی برناردشۆیە. لە ڕاستیدا ڕەخنە قوتابخانەیە نابێ هەرکەسێک هاتوو خۆی پێدا بکات و پێنووس یان زمانی بۆ بخاتە گەڕ. بەڕای من نووسەرو ڕۆشنبیر دووای تەواو کردنی ئەو قوتابخانەیە وەک و پسپۆڕ یان وەک و ئەزموون کە لە دووای کارو شارەزایی زۆر لە نووسین و ئەدەب و وێژەو لە خۆ ڕابینین و کەڕەخنە لەبابەتێک دەگرن خۆیان لە بابەتەیان بەهێزتر نووسیبێ و هەبێ، تەنهاش بۆ مەرامی پێشکەوتنی هونەر یان باشتر بوونی ئەو کەسەی کە ڕەخنەی لێ دەگیرێ ڕەخنە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بگیرێ. تەنها ڕەخنەی دروست کەریش هونەرو کاری نووسینە. ڕەخنەش بۆ مەرامی جوان کردن و باشتر کردنی کارە لاوازو کاڵەکانە نەک بۆ نابووت کردنی کاری جوان یان لە ئەنجامی کینەو ڕقی هەستێکی ناوەوەی نووسەر خۆی بێت و خۆی بەتاڵ بکاتەوە بەو نووسینە و نیشاندانی کەسێتی نوسەرێکی تر بە ناشرینی بخاتە ڕوو بۆ خوێنەران. زۆربەی ووتارەکانی سایت و ماڵپەڕو ماڵە کوردی یەکان وەڵام دانەوەی یەکترو باسی عەیب و عاری یەکتر دەکرێت تیایدا، بەڕاستی مرۆڤ بەو جۆرە نووسین و وەڵام دانەوانە هەستی بریندار دەبێ و دەشکێ و ئەو جۆرە ڕێبازی نووسینەش کەبە ووشەی نەشیاوو ناشرین دەست پێ دەکات شێوەیەکی زۆر بازاڕی و نائەکادیمی یەو ناچێتە قاڵبی ڕەخنەی وێژەیی یەوە وەک و پێنووس بە خەرمانەی ڕۆشنفیکری نەتەوەیەک سەیر ناکرێ کە خزمەت بە گەلەکەی بکات. بەڵکو لە ڕووی نووسیندا دیارەو دێڕی ڕکو کینە و شەرەنگێزی یە بەئاشکراش دیارە ئەوە ڕەخنە نی یە بەڵکو ناحەزی و ناشرینی بە کەسایەتی کردنی یەکترە. نووسەرو پێنووس و دنیای ڕۆژنامەو ووێژە تەنها یەک بابەتە ئەویش داهێنانە، داهێنانیش بۆ خزمەتی نەتەوەی خۆت یان مرۆڤایەتی دەنا نەیکەیت باشترە. ئەگەر مرۆڤ نەیتووانی داهێنان بکات دەتوانێ ڕێگە لەخەڵکیتر نەگرێ لە فەرهەنگ و نووسیندا چونکە نووسین دنیای ئازادی یە بۆ دەربڕینی کارە قورس و نەتووانراوەکان بۆ باشتر کردنی ژیانی مرۆڤ و بەرەو سەربەستی یەکجارەکی لەژیانی ژێردەستی و دیلێتی مرۆڤدا.. یان ووشە نەتوانراوەکانی ڕاستەوخۆ ووتنی بەرامبەر سووڵتانەکانە کە لەسەرەوەی ووتارەکەدا باسمان کردووە. هەمیشە پێنووسەکان دەشکێندرێن لە نیشتمانی کەم ئەندام و ناتەواودا کەم ئەندامێتی لە بیرو هۆش نەک مەبەست لەئەندامی جەستییە، هۆکەیشی ناحاڵێتی دەسەڵات و مرۆڤ و دەوروبەرێتی لە نووسەرو ڕۆشنبیر بەڵام ئەوە زۆر کێشە نی یە چونکە نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەموو جیهان لەسەر ئەوە کۆکن و ئامادەن کە چییان لێ بەسەربێت لەسەر مافی ڕەوای گەلەکەیان. هەناسەکان کپ دەکرێن و زەردەخەنەکان دەمرێنرێن و لەهەندێ نیشتمان و کارو ژیانی کۆمەڵایەتیش لەهەندێ خێزانیشدا جیاوازە بۆیە هەموو لەیەک ناچین لە تووڕەبوون و لە ژیری و ناژیریدا.. هەمیشەش ووتومانە ژیان بەجیاوازییەوە جوانە با هەوڵ نەدەین وەکو دیکتاتۆرەکان بین گرنگ ئەوەیە مرۆڤین و ڕێز لەیەک بگرین چۆن بیردەکەینەوە ئازادین..!. خۆمان بە ئاغا دەزانین کەچی هەموو ژێردەستەی کلتورێکی سەقەت و ئاینێکی ئەفساناوی ترسناکین. لەمنداڵی یەوە بە قاڵبی خواری پەروەردەو تووندو تیژی و نەفامی دەوروبەرو ووشە پێچەوانەکان ژیاوین وەک و ئەو ووشەو کردارانەی کە عەیب نین لە جیهاندا لەلای ئێمە عەیبێکی گەورەن وەهەروەها بەپێچەوانەوە. چوار هەنگاوی ژیان کەهەرچوایان گەورەترین هەڵەن بۆ ئێمەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و بۆ کوردی کوردستانی بەتایبەتی ئەم چوار خاڵ و ماڵی دنیای پەروەردەیەش ئەمانەن کە گرنگ و بوونەتە هۆی ژیان و بوونمان لە باشی و خراپیدا لە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا:

1/ خێزان: پەروەردەی دەستی دایک و باوکی نەخوێندەوار. گەورەبوون و گەشە کردن لەگەڵ دایک و باوکی بێئاگا لە ژیان و پەروەردەدا.

2/ قوتابخانە: پەروەردەی دەستی مامۆستای بیروهۆش کۆن و سیستمی لێدان و تێنەگەیشتن.

3/ کۆمەڵ: گەورەبوون لەگەڵ پەروەردەی کلتورێکی سەقەت و ئاینێکی ترسناک.

4/ دەووڵەت: پەروەردەی سیستمی ووڵاتی دیکتاتۆری کە هەر بەشی خەڵکەکەی زیندان و تێهەڵدان بووە.

ئەگەر مرۆڤ بەو هەنگاوە سەرەکیانەدا ژیان بەو شێوەیە بگوزەرێنێ هەرگیز مرۆڤێکی ئاسایی نابێت.. بۆیە ئێمەش زۆربەمان بەو شێوەیە ژیاوین و ئاسایی و کاماڵ نین.

م. حەمید عەزیز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.